# اثر استراتيجية التفكير البصري في الفهم القرائي لدى طلبة الصف الخامس الاعدادي في مادة القراءة الكردية وتنمبة تفكيرهم التحليلي

مـهنـد احـمد نوفـل الجنابي

Mohannad.haef2406m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

أ.د. بيمان جلال احمد

جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

**الملخص**

رمى هذا البحث إلى تعرف أثر استراتيجية التفكير البصري في الفهم القرائي وتنمية التفكير التحليلي لدى طلاب الصف الخامس الاعدادي في مادة القراءة والادب الكردي ،وسلك الباحث لتحقيق غايته التصميم التجريبي ذو العينتين المستقلتين واشتملت عينة البحث على(٤٨) طالباً من طلاب الصف الخامس الاعدادي في اعدادية المأمون للبنين, التابعة لمديرية تربية الكرخ الاولى , دَرَّسَ الباحث المجموعة التجريبية باستراتيجية التفكير البصري, والمجموعة الضابطة بالطريقة الاعتيادية.

وبعد أن حدد الباحث المادة العلمية التي تضمنت (٨) موضوعات من كتاب القراءة والادب الكردي المقرر تدريسه لطلاب الصف الخامس الاعدادي للعام الدراسي ٢٠٢٥-٢٠٢٦م, تم صياغة الأهداف السلوكية في المجال المعرفي وبلغت (٦٩) هدفاً سلوكيا ، وأعدَّ الباحثُ خططاً تدريسية أنموذجية لكلِّ موضوعٍ من الموضوعات المحددة للتجربة.

ومن أجل قياس الفهم القرائيّ والتفكير التحليلي عند طلاب مجموعتي البحث, أعدَّ الباحثُ اختبارين تكون كل منهما من قطعة قرائية, تبعها اختبار من نوع الاختيار من متعدد.

وباستعمال الاختبار التائي لعينتين مستقلتين أسفر البحث عن الاتي:

- وجود فرق ذو دلالة إحصائية بين متوسط درجات طلاب مجموعتي البحث في اختبار الفهم القرائيّ لصالح المجموعة التجريبية عند مستوى دلالة(٠,٠٥).
- ساعد استخدام إستراتيجية التفكير البصري على تحسن مهارة الحفظ للنصوص عند الطلبة.

**كلمات مفتاحية: أثر، إستراتيجية التفكير البصري، الفهم القرائي ، التفكير التحليلي ، القراءة والادب الكردي، الخامس الاعدادي .**

# The Impact of Visual Thinking Strategies on Reading Comprehension among Fifth-Grade Preparatory Students in Kurdish Reading and Developing Analytical Thinking Skills

**Muhanned Ahmed Nawfal Al-Janabi**

**Prof. Dr. Peyman Jalal Ahmed**

**University of Baghdad/College of Education Ibn Rushd for Humanitarian Sciences Kurdish Language Department**

**Abstract:**

This research aimed to identify the impact of visual thinking strategies on reading comprehension and developing analytical thinking skills among fifth-grade preparatory students in Kurdish reading and literature. To achieve this goal, the researcher employed an experimental design with two independent samples. The research sample consisted of (48) fifth-grade preparatory students from Al-Ma'moun Preparatory School for Boys, affiliated with the First Karkh Education Directorate. The researcher taught the experimental group using the visual thinking strategy and the control group using the traditional method. After selecting the subject matter, which included eight topics from the Kurdish reading and literature textbook prescribed for fifth-grade students in the (2025-2026) academic year, the researcher formulated (69) behavioral objectives in the cognitive domain and prepared model lesson plans for each of the selected topics. To measure reading comprehension and analytical thinking among the students in the two research groups, the researcher developed two tests, each consisting of a reading passage followed by a multiple-choice test. Using the independent samples t-test, the research revealed the following:

• A statistically significant difference was found between the mean scores of the students in the two research groups on the reading

comprehension test, favoring the experimental group at a significance level of 0.05.

• The use of the visual thinking strategy helped improve students' memorization skills.

**Keywords: Impact, visual thinking strategy, reading comprehension, analytical thinking, reading and Kurdish literature, fifth preparatory grade.**

**پوختەی توێژینەوە**

**کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی شیکاریدا.**

**موهەنەد ئەحمەد نەوفەل جەنابی**

**پرۆفیسۆردکتور / پەیمان جەلال ئەحمەد**

**زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناسینی کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی شیکاریدا، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی دیزاینی ئەزموونیی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکە (٤٨) خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ئامادەیی (المأمون)ی کوڕان ، لە پارێزگای بەغداد ، توێژەر کۆمەڵەی ئەزموونی بە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی بە ڕێگەی ئاسایی وانەی پێ گوتوونەتەوە.

دوای دیاریکردنی بابەتی زانستی کە (٨) بابەتی کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ساڵی( ٢٠٢٥-٢٠٢٦ ) دەگرێتەوە، (٦٩) ئامانجی ڕەفتاری لە بواری زانیاریدا داڕێژران، هەروەها توێژەر پلانی نموونەیی وانەوتنەوەی بۆ هەر بابەتێکی دیاریکراوی ئەزموونەکە ئامادە کرد.

و بۆ پێوانی تێگەیشتنی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی شیکاری لای خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە، توێژەر دوو تاقیکردنەوەی ئامادە کرد کە هەر یەکێکیان لە دەقێکی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەیەکی فرەهەڵبژاردن پێکدەهاتووە،

بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی بەدەستهێنا:

- بوونی جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا ولە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥).
- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی یارمەتیدەر بوو لە باشترکردنی کارامەیی لەبەرکردنی دەقەکان لای خوێندکاران.

بەشی یەکەم: **کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی، بینایی لەسەر تێگەیشتنی، خوێندنەوە لای خوێندکارانی، و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی شیکاریدا.**

**موهەننەد ئەحمەد نەوفەل جەنابی**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی کەمی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە خوێندن لە کۆمەڵگە پەروەردەییەکاندا یەکێکە لە کێشە گەورەکان کە کۆمەڵگە پەروەردەییەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی عێراقی بەتایبەت ڕووبەڕووی دەبنەوە،لەسەر ئاستی زمانە دایکی یان لەسەر ئاستی زمانەکانی تر، وەک زمانی کوردی، بۆیە نابینین هیچ قۆناغێک خوێندکارانی نەناڵێنن لە کەمی تێگەیشتن لەوەی کە دەیخوێننەوە ، هەروەها ئەم کێشەیە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی پێکهێناوە لەقوتابخانەکانمان، سەرەڕای هەوڵەکانی پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی بۆ ڕزگاربوون لەم ئاستەنگە کە لە بەردەم پێشکەوتنی خوێندکاران و هاوتاییان لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیدا، بەڵام هێشتا کێشەی کەمی خوێندنەوە ڕوون و ئاشکرایە، و ئەم کێشەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندکاران خۆیان و خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، چونکە ئەگەر ئێمە ئەم خوێندکارانەمان لەسەر ئاستی کەمی تێگەیشتنیان بهێڵینەوە بەبێ چارەسەرکردن، ئەوا بارێکی قورس درووست دەکەن بۆ ناوەندە پەروەردەییەکان، چونکە ئەم خوێندکارانە دەکەونە ژێر کاریگەریی و ناڕەحەتییەکی دەروونیەوە لەبەر ئەوەی کەمی تێگەیشتنیان لەوەی کە دەیخوێننەوە ڕەنگدانەوە دروست دەکات لەسەر تێگەیشتنیان لە هەموو وانەکانی تر، کە دەکرێ وابکات بەردەوام لە هەمان پۆل و قۆناغدا بمێننەوە و ئەمەش ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا زۆر دەکات، لەوانەیە تەنانەت ببێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی توندوتیژی لە ناویاندا بەرامبەر هاوپۆلەکانیان لەبەر هەستی شکست و ناڕەحەتی دەروونی. وبەمەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر کێشەی توێژینەوەکەی ئێستا، توێژەر پرسیارنامەیەکی بەسەر (٢٥) مامۆستای زمانی کوردیی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغدا – کەرخی یەکەمی دابەشکرد، کە وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوو:

- ٧٤٪ ی مامۆستایانی زمانی کوردی ستراتیژیەتی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان بەکارناهێنن لە بابەتەکانی خوێندنەوەدا.

- ٩٧%ی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە ژمارەی ئەو بەشەوانانەی کە تەرخانکراوە بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی کەمە، لەکاتێکدا ٣% مامۆستایان پێیان وایە ژمارەی ئەو بەشەوانانەی کە تەرخانکراوە بۆ وانەوتنەوە گونجاوە.
- ٨١%ی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە کە پرۆگرامی زمانی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ئاڵۆزە ونەگونجاوە بۆ وانە وتنەوەی پۆلی پێنجەم.
- ٧٩%ی مامۆستایانی زمانی کوردی ئامراز و هۆیەکانی وانەوتنەوە مۆدێرنەکان بەکارناهێنن.

**دووەم:گرنگی توێژینەوە**

پەروەردە شادماری گورانکاریبەکانی ولاتە,تەنیا گۆڕانکارێکی بەردەوام لە پەروەردەدا دەتوانێت گۆڕانکاری لە کۆکەڵگادا بکات. بەکورتی:وەک چۆن جان دیۆیی وتوویەتی پەروەردە ئامادەکردن بو ژیان نییە، بەڵکۆ پەروەردە خودی ژیانە.(مستەفازادە،٢٠٢٢ ،ل. ٢٥)

قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر گرنگی زمان و ڕۆڵی لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵگەدا کردووەتەوە، وەک چۆن خودای گەورە فەرموویەتی: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) (اية ٢٢، سورة الروم)

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هیندی–ئەورووپاییەکان کە مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، و تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی هەیە کە توانای مانەوە و گەشەکردن و پەرەسەندنی هەیە،ئەم زمانەش پێکهاتەی وشەکانی لە ڕێگەی پێشگر و پاشگرەوە دروست دەکات، هەروەها توانایی لێکدانەوە و دروستکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە وشەی هەیە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕستەی نویَ،و ئەگەر پێکهاتەکەی بگۆڕێت ماناکەشی دەگۆڕێت. (العامري،٢٠٠٤،ل. ١)

شارەزایان لە بواری پەروەردەدا زۆر گرنگیان بە خوێندنەوە داوە، چونکە خوێندنەوە یەکێکە لە هونەرەکانی پەیوەندی زمانەوانی و پەیوەندیەکی قوڵی هەیە لە بازنەی پەروەردە و فێربووندا،و ئەوە ڕێگایەکە بۆ فراوانکردنی زانیاری زمانەوانی خوێندکاران، و یارمەتیان دەدات لە پەرەسەندنی ئەکادمیاندا لە هەموو بوارەکان، وچەمکی نویَ پەروەردە بۆ خوێندنەوە پرۆسە ئەقڵییەکانی وەک تێگەیشتن و لێکدانەوە و پرۆسەکانی تر لەخۆدەگرێت. (الخفاجي،٢٠١٦،ل.٢٤)

**لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێشتر باسکرا، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

١. پەروەردە ئەو گۆڕەپانەیە کە کۆمەڵگا لە ڕێگەیەوە و بە شێوەیەکی زانستی ڕێکخراو دەتوانێت ڕەفتار و بیرۆکە و ئارەزووەکانی منداڵەکانی بۆ باشتر بگۆڕێت و بیانگەێنێت بە ئەو ئاستەی کە ببنە ڕابەر لە کۆمەڵگاکەیاندا، بۆ ئەوەی هاوسەنگ بن لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی، پڕچەکبن

بەو دیدگا و ئەخلاقە باش و زانستانەی کە لە ماوەی کارکردنیان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان فێری بوون.

٢. گرنگی زمان وەک ئامرازێکی تایبەت و سروشتی بۆ پەیوەندیکردن و فێربوون و پەرەپێدانی تاک و کۆمەڵگا.

٣. گرنگی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی دووەم لە وڵاتی ئازیزماندا، و ڕێگەیەکی پتەو و پوختە بۆ گواستنەوەی کلتور و میراتی نەتەوەی کورد لە عێراقی خۆشەویستدا.

٤. گرنگی خوێندنەوە وەک یەکەم و گرنگترین ڕێگە بۆ فێربوونی کەلتووری نەتەوەی کورد لەوڵاتەکەمان.

٥. بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لە چەسپاندنی گیانی هاووڵاتی بوون و ئاشتی لە نێوان خەڵکی نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا.

٦. گرنگی تێگەیشتنی خوێندنەوە وەک کارامەییەکی پێویست بۆ فێربوونی خوێندنەوە بە شێوەیەکی پیشەیی و گەیشتن بە ئامانجی خوێندنەوە.

٧. گرنگی گەشەپێدان وەک چەمکێکی گشتگیر و ئامانجی کار و فێربوونی کۆمەڵگا لە بەدەستهێنانی گەشەکردن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

٨. گرنگی بیرکردنەوەی شیکاری وەک کارامەییەکی پێویست لە فێربوون بە گشتی و فێربوونی زمانی کوری بە تایبەتی.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:-**

١. کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی لەسەر لاوازی لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بەشی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردیدا.

٢. کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی لەسەر لاوازی بیرکردنەوەی شیکاری لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بەشی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردیدا.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:-**

**بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر دوو گریمانەی دارشت:**

١. جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان نمرەی ئاستی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە خوێندنەوە و گفتوگۆیان لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردیدا بە ستراتیژییەکی بیرکردنەوەی بینایی خوێندووە و نمرەی ئاستی خوێندکارانی ئەو کۆمەڵەی کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی خوێندووە لە ڕووی تێگەیشتنی خوێندنەوەوە.

٢. جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان نمرەی ئاستی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە خوێندنەوە و گفتوگۆیان لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردیدا بە ستراتیژییەکی بیرکردنەوەی بینایی خوێندووە و نمرەی ئاستی خوێندکارانی کۆمەڵەی

کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی خوێندووە لە ڕووی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی شیکارییەوە.

٣. جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نیە لە ئاستی (٠,٠٥)دا لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاریدا و ئەو خوێندکارانەی بابەتی خوێندنەوە و گفتوگۆ لە پەرتووکی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینراو دەخوێنن

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:-**

١. خوێندکارانی قوتابخانەی ئامادەیی ودواناوەندیی ڕۆژانی حکومی لە عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان – شەش بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگای بەغداد – بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخ یەکەم.

٢. وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)

٣. ژمارەیەک لە بابەتەکانی کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی کە بڕیارە بخوێندرێت بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی – چاپی چوارەمی ساڵی ٢٠٢١ زایینی، کە بریتین لە: (گفتوگۆی کات، گفتوگۆی یەکناسین ، گفتوگۆی شۆفێر و مۆڵەتی شۆفێری، ئەرکەکانتان بەرامبەر دایک و باوکتان، زانای گەورە توفیق وەهبی، مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، ڕستە جۆراوجۆرەکان)

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:-**

**یەکەم/ کاریگەری پێناسە کراوە لەلایەن هەریەکە لە:**

– **(السقاف):** "ئەوەی لە ڕووی تایبەتمەندی یان جێپەنجە و یان شوێنەواری ئەو شتەی کە کاریگەری لەسەرە دەبینرێت، واتا گۆڕاوێکی سەربەخۆ و گۆڕاوێکی وابەستە". (السقاف، ٢٠٠٧، ل. ١٩)

– **(ابراهيم):** توانای ئەو هۆکارەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ئەرێنی، بەڵام ئەگەر ئەم دەرئەنجامە پەسەند بکرێت و بەدەست نەهێنرێت، لەوانەیە هۆکارەکە یەکێک بێت لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی کاردانەوەی نەرێنی. ". (ابراهيم، ٢٠٠٩، ل. ٣٠)

– **پێناسەی ڕێکاری کاریگەری:** جیاوازی ڕێژەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی شیکاری خوێندکارنی پۆلی پێنجەمی زانستیە (نمونەی توێژینەوەکە) لەڕێگەی فێرکردنیان بەپێی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی لەبابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردیدا.

**دووەم: ستراتیژییەت پێناسەکرا لە لایەن:-**

– **(سعادة):-** "کۆمەڵێک ڕێکار و چارەسەری پێشوەختەیە کە لەلایەن مامۆستاوە ڕێکدەخرێت بۆ جێبەجێکردنی بە باشی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، و ئامانجە خوازراوەکان لە چوارچێوەی سادەترین ئەگەر و مەرجەکاندا بەدەست دەهێنێت". (سعادة، ٢٠١٨ ،ل.٤٧)

– **(مستەفازادە)** :– "هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوەکە مامۆستا ئەنجامیان دەدات بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان, وەک رێگا وانەوتنەوە و وروژێنەرەکان ولەبەرچاوگرتنی ژینگە و میل و ویستی فێرخواز وئامرازەکانی دیکە". (مستەفازادە،٢٠٢٢،ل. ١٧٨)

– **پێناسەی رێکاری:** هەموو ئەو رێکارانەیە کە لەلایەن توێژەر لەناو پۆلدا ئەنجام دەدرێن سەبارەت بە کۆمەڵەی ئەزموونی، لە ستراتیژی بیرکردنەوەی بینایی و چالاکییەکانی دیکە، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان.

**سێیەم/ ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی پێناسە کراوە لە لایەن :**

(المصري وعامر) "ستراتیژێکە کە پشت بە هەوڵی فێرخواز دەبەستێت لە خوێندنەوەی وێنە و شێوەکان بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە جیاوازەکانی توخم و بیرۆکە و پەیوەندییەکان کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، هەروەها بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ناوەرۆکەکانیان، بۆ ئەوەی بگات بە ئەنجام و چارەسەری گونجاو. " (عامروالمصری، ٢٠١٦،ل. ٤٨)

(الحميري والفتلاوي) "ستراتیژییەکە کە پشت بە فێرخوازان دەبەستێت لەدیاریکردنی زانیاری و بیرۆکەکان کە بە شێوەیەکی بینراو نوێنەرایەتی دەکرێن، هەروەها پێدانی بەڵگە سەبارەت بە زانیاری یان بیرۆکەکانی پەیوەست بەو زانیاریانەی پێشتر دەستنیشانکراون، و دروستکردنی زۆرترین ژمارەی بیرۆکەی دروستکراوی بینراو سەبارەت بە کێشە یان بارودۆخەکانی دەرئەنجامی هاندەری بینایی.ا". (الحميري والفتلاوي، ٢٠٢٢،ل . ٩٤)

پێناسەی رێکاری:– کۆمەڵێک هەنگاوە کەدەست پێدەکات بە هاندانی مێشکی فێرخواز بە هەندێک وێنە یان شێوە بۆ ئەنجامدانی کردارە ئاڵۆزەکانی مێشك کە لە رێگەیەوە فێرخواز هەموو ئەو شتانە دیاری دەکات کە پەیوەندی بە شێوە یان وێنەکەوە هەیە و هەروەها شیکاری دەکات و بیرۆکەی نوێی پەیوەست بە شێوەکە دەردەهێنێت، بۆ ئەوەی بگات بە چارەسەری گونجاو بۆ دۆخی فێربوون

**چوارەم: تێگەیشتنی خوێندنەوە پێناسەکراوە لەلایەن:–**

(إسماعيل) " پرۆسەیەکی ئاڵۆزی مێشکە کە بریتییە لە دەرهێنانی مانا لە بابەتی خوێندنەوە بە مەبەستی تێگەیشتن و لێکدانەوە و رەخنەگرتن لە دەقی خوێندراو" (إسماعيل، ٢٠١٣،ل.٩٢)

(جەنابی ) تێگەیشتن و شیکردنەوەی فێرخوازە بۆ دەقە ئەخوێنرێتەوە و بەستنەوەیان بەو بارودۆخە نوێیانەی کە رووبەڕوویان دەبنەوە لە ژیانی رۆژانەدا." (جەنابی، ٢٠٢٥، ل. ١٨)

پێناسەی رێکاری: تێگەیشتن و شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەیە لەلایەن خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییەوە کە نمونەی توێژینەوەکەن، و بەستنەوەیانە بەو دۆخە نوێیانەی کە لە

ژیانیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێت

**پێنجەم:-گەشەپێدان پێناسە کراوە لەلایەن هەریەکە لە:**

(شحاته و النجار): "بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و زانیاری خوێندکارانە لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی فێربوون." (شحاته و النجار ،٢٠٠٣، ل. ١٥٧)

(سالْح)"ئەو پرۆسەی پرۆگرامکردنەوە مێشکی خوێنکارە بە ئامانجی بە کارهێنانی ئەو پرۆگرامەنوێیە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی نویَ کە شایەنی ئێمەی مرۆڤ بێت"(سالْح،٢٠٢١،ل.٢٣)

پێناسەی رێکاری بۆ گەشە پێدان: ئەو پەرەپێدانێکی ئاشکرایە لە ئاستی بیرکردنەوەی شیکاری لە نێوان خوێندکارانی گرۆپی ئەزموونی کە بە پێ ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینای خوێندویانە پێناسەی دەکات،وهەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات بە ئاماری جیاوازی نێوان دوو تاقیکرنەوەکەی بیرکردنەوەی شیکاری کە ئەوانیش پێش وپاشن.

**شەشەم: بیرکردنەوەی شیکردنەوە:-**

پێناسەکراوە لەلایەن هەریەکێک لەمانەی خوارەوە:

(حسام الدین) " چالاکیەکی مێشکە کە فێرخواز لە ڕێگەیەوە هەندێک کارامەیی پراکتیزە دەکات، وەک دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکان و درککردن بەپەیوەندی نێوان بەشێك بە کۆی گشتیەوە، وریێکخستن، وتێگەیشتن لە پەیوەندییەکان و بەراوردکردن یان دژایەتیکردن " (حسام الدین ،٢٠١١، ل. ٥١)

(رمضان) "چالاکیەکی دەروونییە کە فێرخواز لە ڕێگەیەوە کارامەییەکانی پەیڕەو دەکات: دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکان ،و بەراوردکردنی دوو شت لە چەند گۆشەیەکەوە، وپێشبینیکردن ، بینینی پەیوەندییەکان و گشتاندن" (رمضان ، ٢٠١٤، ل. ٢٢)

پێناسەی ڕێکاری: توێژەر پێناسەی دەکات بەوەی کە توانای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستییە(نموونەی توێژینەوەکە) بۆ دەستنیشانکردنی بیرۆکەکان دوای تێڕامان لە دەقەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ شێوە بینراوەکەی، هەروەها هەڵسەنگاندنی دەقەکە لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە.

**حەوتەم: خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی:**" ئەو پرۆگرامەیە کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە ئامادەکراوە و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، چاپی چوارەم بۆ ساڵی ٢٠٢١ی زایینی، کە بابەتەکانی ڕێزمان، خوێندنەوە، و ئەدەبی کوردی لەخۆدەگرێت و بۆ خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی " (ئاغا، ٢٠٢٥، ل. ٨)

**هەشتەم/ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی:**" پۆلی دووەمی قۆناغێکی خوێندنی سێ ساڵەیە کە پێی دەوترێت قۆناغی ئامادەیی، کە تیایدا ئەو خوێندکارانە وەردەگیرێن کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەردەچن ، ئامانجی چەسپاندنی ئەوەی دۆزراوەتەوە لە توانا و ئارەزووەکانی خوێندکارانە بۆ گەیشتن بە ئاستە بەرزەکانی زانیاری و لێهاتوویی، لە هەمان کاتدا هەمەچەشنکردنی هەندێک بواری فیکری و پراکتیکی و جێبەجێکردنیانە، وەک ئامادەکارییەک بۆ قۆناغەکانی خوێندنی باڵا و ئامادەکاری بۆ ژیانێکی پراکتیکی و بەرهەمدار". (وزاره التربية، ٢٠١٩،ل. ٦).

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

**ستراتیژییەتەکانی فێربوونی چالاک:-**

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، زاراوەی فێربوونی چالاک دەرکەوت وەک وەڵامێک بۆ پەروەردە و فێربوونی ئاسایی کە تێیدا گواستنەوەی زانین و زانیاری لەلایەن مامۆستا بۆ خوێندکار ئەنجام دەدرا و خوێندکار تەنیا وەرگری زانیاری بوو، دواتر لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، گرنگی ئەم زاراوەیە زیادی کرد وەک ڕێگایەک بۆ پەروەردە و فێربوون لە یەک کاتدا، ئەگەر خوێندنەکە ئامانجی گەشەسەندنێکی گشتگیربێت بۆ خوێندکاران ئەوا فێربوونی چالاک بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پێکهێنانی ئەم پرۆسەیە دەکات و یارمەتی دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. (رفاعي،٢٠١٢،ل.٥٩)

ڕۆڵی ستراتیژییەتەکانی فێربوونی چالاک دەردەکەون، چونکە یارمەتی خوێندکار دەدەن لە پاراستنی فۆکەسی خۆی لەناو وانەکەدا بۆ درێژترین ماوەی بپارێزێت لە ڕێگەی ژینگەیەکی پەروەردەیی هاندەرەوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە توێژەرەکان لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسیدا دەسەلمێنن کە ماوەی فۆکسی خوێندکار لە کاتی فێربونی تەقلیدیدا (١٠-١٥) خولەکە. (کاظم، ٢٠٢٠، ل.٣٦)

**دووەم /ستراتیژییەت :-**

چەمکی ستراتیژ لە چەمکی (ستراتیجوسی)یۆنانی هاتەوە,واتای هونەری سەرکردایەتی کردن,هەروەها بەهۆی تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی زانستەکان وپێویستی بەردەوامی مرۆڤ بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی مەعریفە وکارامەیی و زانست و زانیاری نوێ وفێربوونی چالاک, چیتر ستراتیژ وەکو چەمکێکی هاوبەش و سودبەخش بۆ کوێ چالاکییەکان لە بواری زانستە جیاوازەکان لە مەیدانی پەروەردەدا.(قادر،٢٠٢٣،ل.١٢)

ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی:-

سەرهەڵدانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی و پێشکەوتنی :-

ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینای لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن زانای دەروونناسی هاوسن (Housen) و مامۆستای هونەر یێناوین (Yenawine)دەرکەوت، دوای هاوکارییەکەیان، ئەو دوو توێژەرە هەوڵیاندا لە پلەکانی جیاوازی نێوان تێڕوانینی ئەو کەسانە تێبگەن کە کاریگەری کارێکی هونەری مانادارییان لەسەر بووە، توێژینەوەکانیان لەسەر بنەمای بانگەوازەکان بۆ گەشەپێدانی جوانکاری بوو، و پشتیان بەو بانگهێشتانە بەستبوو کە بۆ پەرەپێدانی جوانڕوویی هاتبوون، هەروەها هەوڵیاندەدا شێوازەکانی ڕەفتاری تێبینیکراو لە جیهاندا بدۆزنەوە، و هەوڵەکانیان بەرهەمی هێنا و ستراتیژیەکیان دۆزییەوە کە پێی ئەوترا (Visual Thinking) ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی. (عامر والمصري، ٢٠١٦، ل.١٠٦)

لە نێو ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە کە لەسەر بنەمای ڕێنماییە بینراوەکان دروست کراوە، ستراتیژییەکی بیرکردنەوەی بینابیە( Visual Thinking Strategy (VTS کە بە یەکێک لە ئاراستە هاوچەرخەکانی فێرکردن دادەنرێت، کە تێیدا خوێندکار فێر دەبێت کە چۆن پرۆسەی مێشکی ناوەکی خۆی لە فێربوون و بیرکردنەوەدا وەسف بکات، جەختی سەرەکی ئەم ستراتیژییەتە بریتیە لە ڕێکخستنی زانیاری یان بابەتی پەروەردەیی بۆ ئەوەی خوێندکار ئاسانتر وەریبگرێت و لە بیرگەیدا کۆدی بکات، جگە لەوەش ستراتیژێکی فێرکردن و فێربوونە کە دەتوانرێت لە بوارەکانی نا هونەریدا جێبەجێ بکرێت، هەروەها لەسەر بنەمای تیۆری گەشەپێدانی جوانی دامەزراوە، و خوێندکار و پرۆگرام و شێوازی وانەوتنەوە دەبنە چەقی ئەم ستراتیژییەتە. ( DeSantis, (DeSantis, 2011,p.22)

گرنگی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی دوای ئەوە سەری هەڵدا کە ئامرازە بینراوەکان لە پەروەردەی هاوچەرخدا سەریهەڵدا، بەو پێیەی یەکێکە لە باشترین شێواز و ڕەوتەکان، بەتایبەتی بۆ فێرخوازانی زمانێکی نوێ، چونکە هاوکارێکە بۆ مامۆستا کە بڕێکی زۆر زانیاری و زانست بگەیەنێت لە ماوەیەکی کەمدا، ئەمەش کات بۆ مامۆستا پاشەکەوت دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی فێرخوازان بدات بۆ پەرەپێدانی تواناکانی تریان، هەروەها سەرنجی خوێندکاران ڕادەکێشێت و پاڵنەرەکانیان بۆ پەروەردەی نوێ هان دەدات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی فێربوون و فێرکردن باشتر بەردەوام بێت. (أبو شرخ، ٢٠١٦، ل.١٦)

بەپێی ئەوەی کە لەسەرەوە باسکرا، دەبینین کە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی پەیوەندیەکی نزیکی هەیە بە ئامانجەکانی تێگەیشتن و پەروەردەوە، لەبەرئەوەی ئەم ستراتیژیەتیە تیشک دەخاتە سەر فێربوونی چالاک کە ناوەڕۆکی وەرگرەکانی فێربوون دەخاتە ڕوو، ستراتیژی بیرکردنەوەی بینایی (VTS) بریتییە لە ڕێکارەکانی پەروەردەیی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران، و پێکهاتووە لەسەر بنەمای دۆزینەوە کە بەکارهێنانی پرسیارە کراوەکان لەخۆدەگرێت، داڕشتنیان،

وبەستنەوە و شیکردنەوەی بیرۆکەکان،و دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ گفتوگۆکردن، و هاندانی پەیوەندیکردن بە هەموو شێوازەکان لە نێوان خوێندکاران و لە نێوان خوێندکاران و مامۆستادا .(البدري ،٢٠١٩، ل.٨٠)

تیۆرییە پەروەردەییەکان کە ستراتیژی بیرکردنەوەی بینایی لەسەری بنیات نراوە

بڵاوبوونەوەی تیۆری ڕەفتاری لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە کە گرنگی بە گەیاندنی زانیاری ئامادەکراو دەدات بە خوێندکاران و تاقیکردنەوەی لەبەرکردنیان لێی، بووەتە هۆی زۆربوونی زمانی زارەکی لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی قوتابخانەکاندا و هەروەها سێبەری کردەیی وانەوتنەوە لەناو پۆلدا دادەنێت، ئەمەیە کە تیۆری بونیادگەرایی ڕەتیدەکاتەوە کە تیشک دەخاتە سەر دروستکردنی زانیاری خۆیان و بەکارهێنانی هەمەچەشنی ئامراز و وێنە و شێوەکانیان بە جۆرێك کە لەگەڵ پێکهاتەی دەروونی خۆیاندا بگونجێت،هەروەها بیری بونیادگەرایی داوای کرد کە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆگرامی قوتابخانەکاندا چارەسەر بکرێت بۆ تێکەڵکردنی وێنە و شێوە بینراوەکان لەگەڵ زمانی زارەکیدا بۆ پشتگیریکردن لە ئاستی تێگەیشتن لە دەقەکانی پەیوەست بە شێوە و وێنەکان. (الحميري والفتلاوي ،٢٠٢٢،ل.٨٦)

بیرکردنەوەی بینایی یەکێکە لەو ستراتیژیانەی کە دەکەوێتە ژێر تیۆری "نوێنەرایەتی مەعریفی"وە کە لەلایەن لۆنگۆ *(Longo) پەرەی پێدراوە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران بە شێوەیەکی بینایی بیربکەنەوە، ستراتیژییەکە پشت بە چالاکیی خوێندکار دەبەستێت لە بنیاتنانی زانیاری مانادارردا، بیرکردنەوەی بینایی پەیوەستە بە نیوەگۆی ڕاستی مێشکەوە کە بەرپرسە لە تێگەیشتنی گشتگیر و توانای کۆکردنەوە، هەروەها پەیوەستە بە پرۆسەی دەروونیی بینینی شێوە و وێنە لەناو مێشکی مرۆڤدا، لەم ڕوانگەیەوەش لەم دواییانەدا گرنگیدان بە توێژینەوەکان پەرەی سەندووە کە ئامانجیان توێژینەوەیە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی مێشک و پرۆسەی بیرکردنەوە و ئەو چالاکییانەی کە لەلایەن دوو نیوەگۆی مێشکەوە ئەنجام دەدرێن. (عامر والمصري ، ٢٠١٦، ل.٧١)

ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی بەندە لەسەر بیردۆزی "کۆدکردنی دووانی" کە گریمانە دەکات زانیارییەکان لە یادگەی ماوە درێژدا بە دوو شێوە بینایی و وزارەکی کۆد دەکرێن، و ئەو زانیاریانە کە بە شێوازێکی بینایی و وزارەکی نیشان دەدرێن، باشتر لە بیر دەمێنەوە بەراورد بەو زانیاریانەی کە تەنیا بە یەک شێوە نیشان دەدرێن، لە کاتێکدا " بیردۆزی پرۆسێسی زانیاری " ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی وێنە و وێنەکێشان و دیاگرام زۆر باشترە لە نوێنەرایەتیکردنی زانیارییەکان بە بەراورد بە زانیارییە زارەکییەکان. (المنير، ٢٠١٥، ل.٣٣)

لە ڕێگەی سەیرکردنی ئەدەبیاتی پەروەردەییەوە کە پەیوەستە بە تیۆرییە بنەڕەتییەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینراو، بە ڕوونی بۆ توێژەرەوە دەرکەوت کە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی یەکێکە لە کاراترین ستراتیژییەکانی فێرکردن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی پەیوەندی دروست

دەكات لە نێوان هەستی بینین لە لایەک و پرۆسەکانی مێشکی خوێندکاران لە لایەکی تر، لە نێوانیاندا تێگەیشتن لەوەی کە دەخوێنرێتەوە.

**گرنگیی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**

١. پەرە بە فێربوونی خوێندکار لە ناو گروپێکدا دەدات و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە سەربەخۆیی فێربوونی خوێندکار دەکات.

٢. یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و پێناسەکردنیان بە وردی بە مەبەستی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو.

٣. پەرە بە توانای خوێندکاران بۆ گفتوگۆ و وەرگرتنی بۆچوونەکانی تر دەدات.

٤. یارمەتی لە تێگەیشتنی هاندەرە بینراوەکانی دەوروبەری خوێندکار دەدات کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن بە هۆی پەرەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژیاوە، وەک ئەوەی لەسەر شاشەکانی کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن دەرکەوتووە، و دواتر پەیوەندیی خوێندکار بە ژینگەی دەوروبەرییەوە زیاد دەکات.

٥. توانایی مێشکی خوێندکار پەرەپێدەدات، چونکە بیرکردنەوەی بینایی سەرچاوەیەکی باشە ، و ڕێگای جێبەجێکردنی جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەکاتەوە.

٦. بەدەستهێنانی شارەزاییەکانی بیرکردنەوە، وەک بەراوردکردن، شیکردنەوە، دەرهێنان.

٧. باشکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار و تێپەڕبوونی تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی.

٨. توانایی خوێندکاران بە وردی بۆ وەبیرهێنانەوەی بابەتەکان زیاد دەکات لە ڕێگەی بیرهێنانەوەی شوێنەکانیان کە لە مێشکیاندا هەڵیانگرتووە، و یارمەتی پاراستنیان بۆ ماوەیەکی درێژتر دەدات بۆ ئەوەی پرسیارەکانیان لێبکرێن. (الحميري ،والفتلاوي،٢٠٢٢،ل.٧٠)

**ئامانجەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی:-**

ئامانجەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی جۆراوجۆرن، هەندێکیان پەیوەندییان بە لایەنە مەعریفی و هزرییەکانەوە هەیە، وهەندێکی دیکەیان پەیوەندییان بە لایەنەکانی ئەنجامدانەوە هەیە و هەندێکی دیکەیان پەیوەندییان بە لایەنە سۆزدارییەکانەوە هەیە،و ئامانجەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی بریتین لە:

١. پەرەپێدانی توانای خوێندکاران بۆ چاودێریکردنی ورد.

٢. پەرەپێدانی هونەرەکانی پەیوەندی کاریگەر لە نێوان خوێندکاران و یەکتردا.

٣. زیادکردنی توانای خوێندکاران بۆ خەیاڵی بینراو، پەرەپێدانی توانای دەربڕین.

٤. پەرەپێدانی هونەری گوێگرتن بۆ بۆچوونەکانی کەسانی تر.

٥. پەرەپێدانی هونەرەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

٦. بەدەستهێنانی لێهاتوویی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ بابەتەکە.

٧. زیادبوونی کنجکاوی لای خوێندکاران و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.(خطاب،٢٠٢٣،ل.٣٢)

**هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی:-**

بۆ وانەوتنەوە بە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی پێویستە ئەم هەنگاوەکانی خوارەوە پەیڕەو بکرێت:

١. پیشاندانی شێوە بینراوەکە بە شێوەیەکی ڕوون لە بەردەم خوێندکاراندا.

٢. توانای خوێندکار بۆ وردبینی و بیرکردنەوە لە شێوە بینراوەکەدا.

٣. ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن مامۆستاوە دەکرێت: مامۆستا زۆرترین پرسیار ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ هاندانی بیرکردنەوەیان سەبارەت بەو شێوە بینراوەی کە پێشکەش دەکرێت.

٤. ناسینەوە و دەستنیشانکردنی بیرۆکەکانی خوێندکاران: مامۆستا پێویستە دەستبەجێ فیدباک لەسەر بەشدارییەکانی خوێندکاران بدات، لەوانەش هەستکردنیان بە بەشداریکردن و بیرۆکەکانیان.

٥. ئاسانکردنی پرۆسەی گفتوگۆی بەکۆمەڵ و هاندانی خوێندکاران بۆ بەردەوامبوون لە پرۆسەکە بۆ تێپەڕاندنی ئەوەی کە دەیزانن. (الحميري والفتلاوي،٢٠٢٢،ل.٩٢)

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی:-**

١. پێشکەشکردنی بابەتی بینراو بە شێوەزارێکی هەمەچەشن.

٢. پرسیارکردن بۆ وروژاندنی بیرکردنەوە و دروستکردنی بیرۆکە.

٣. بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان، و دابەشکردنی خوێندکاران بۆ گرووپ.

٤. بەدواداچوونی کارەکانی گرووپەکان و گوێگرتن لە گفتوگۆ و قسەکان.

٥. پێشکەشکردنی فیدباک (Raiyn,2016,p.27)

**ڕۆڵی خوێندکار لە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی:-**

١. ئەوەی لە شێوە بینراوکەدا هەیە دەستنیشانی دەکات و بە ئازادییەکی تەواوەوە دەریدەبڕێت.

٢. تێدەگات کە بیرۆکەکانی بەشدارن لە بنیاتنانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی هاوپۆلەکانی بۆ کێشەکە.

٣. تێدەگات کە بیرۆکەکانی بیستراونەتەوە و تێگەیشتوون لەلایەن مامۆستا و خوێندکارەوە و پێیان ڕازین.

٤. بەڵگە دەخاتە ڕوو کە لێکدانەوە و تێگەیشتنی لە شێوەی بینراو نیشان دەدات.

٥. بۆچوونی هاوپۆلەکانی قبوڵ بکات و لەسەریان بنیات بنێت بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو.

٦. وریابێت و دووباره سەیری وێنەکە بکاتەوە بۆ دەرهێنانی زۆرترین بیرۆکە و دەرەنجام.

٧. خوێندکار بە دۆزینەوەی زانیاری لەسەر خۆی دەبێتە توخمێکی ئەرێنی.

٨. شیکردنەوەی بیرۆکەکانی ناو وێنەکە و بەستنەوەییان بە دەقی پێوەندیدارەوە.

٩. وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا یان هاوپۆلەکانی بداتەوە. (البدري،٢٠١٩،ل.٦٠)

**تەوەری دووەم:خشتەی ژمارە(١) ئەو توێژینەوەیانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ گۆڕاوە سەربەخۆکەدا کردووە (بیرکردنەوەی بینایی)**

| ژ | ناو و ساڵ و شوێنی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | قەبارە و ڕەگەز و قۆناغی نموونەکە | بابەتی خوێندن | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | البدري . ٢٠١٩ عێراق | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینراو لە باشترکردنی دەستکەوت و پاڵنەری سەرکەوتن و بیرکردنەوەی وێنەیی لە بیرکاریدا لەلای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە عێراق | ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینراو لە باشترکردنی ئاستی خوێندن و پاڵنەری سەرکەوتن و بیرکردنەوەی وێنەیی لە بیرکاریدا لەلای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە عێراق | (٥٠) خوێندکاری کوڕان کە دابەشبوو نە سەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکرا و لە پۆلی پێنجەمی زانستی | بیرکاری پۆلی پێنجەم زانستی بۆ ساڵی ٢٠١٨ . ٢٠١٩ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری پاڵنەر و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی وێنەیی | ڕاقیکردنەوەی( t-test) بۆ دوو نموونەی جیاواز و هاوکۆڵکەی سبیرمان پێوەندی و ناوەند ژمێری | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆنترۆڵکراودا |
| ٢ | الشریجة ٢٠٢٤ کوەیت | کاریگەری ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینراو لە | کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینایی | (٥٠) خوێندکاری کوڕان کە دابەشبوو نە | پەروەردەی هونەری بۆ پۆلی حەوتەم | تاقیکردنەوەی پێوانەکردنی کارامایی، و کارتی | ناوەند ژمێری هاوکۆڵکەی الفا کرونباخ بۆ جێگیری هاوکۆڵکەی | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆنترۆڵکراو |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پەرەپێدانی ئاستی لێهاتوویی پیشەیی لە پەروەردەی هونەریدا بۆ قوتابیانی پۆلی نۆیەمی وەڵاتی کوەیت | لە پەرەپێدانی ئاستی لێهاتوویی پیشەیی لە پەروەردەی هونەریدا بۆ قوتابیانی پۆلی نۆیەمی وەڵاتی کوەیت | سەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکرا و لە پۆلی حەوتەم | بۆ سڵی ۲۰۲۳ ۲۰۲٤ | تێبینی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی کارامایی | پێوەندی بیرسون تاقیکردنەوەی t-(test) | دا |

**لایەنی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

- ناسینەوەی شێوازی دارشتنی کێشەی توێژینەوە و گرنگییەکەی.
- ئاگادارکردنەوەی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە بۆ پشتگیریکردنی پاشخانی تیۆری توێژینەوەی ئێستا و ئاگادارکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ سوود وەرگرتن لێیان لەم توێژینەوەیەدا.
- بینینی ئەو هەنگاوانەی کە بەکارهاتووە لە ئامادەکردنی پلان و پرۆگرامە پەروەردەییەکان کە خزمەت بە توێژینەوەکەی ئێستا دەکەن.
- دیاریکردنی مێتۆدی توێژینەوە و دیزاینی ئەزموونی گونجاو بۆ توێژینەوەکەی ئێستا.
- زانینی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ توێژینەوەکەی ئێستا.
- شیکردنەوەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەی ئێستا و لێکدانەوەیان.
- چۆنیەتی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەکان بۆ تێگەیشتن لە خوێندنەوە و بیرکردنەوەی شیکاری و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی بینایی
- دیاریکردنی پەیوەندی گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکەی ئێستا بە دوو گۆڕاوە پشتبەستکراوەکەدا بە پێداچوونەوە بەو شتانەی کە لە توێژینەوەکانی پێشوودا باسکراون کە مامەڵەیان لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەی ئێستادا کردووە.

**بەشی سێیەم:**

**یەکەم: ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر لە توێژینەوەی ئێستایدا پشتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەستووە، کە بە نزیکترین جۆری توێژینەوە دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێکی زانستی و پەرەپێدانی ژینگەی فێربوون و سیستەمە جیاوازەکانی، کە بریتییە لە هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆکارە بنەڕەتییە

کاریگەرەکان لەسەر گۆڕاو یان گۆڕاوە پشتبەستەکان لە ئەزموونەکەدا. (العزاوي

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بینای | . تێگەیشتنی خوێندنەوە<br>. بیرکردنەوەی شیکاری | تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە<br>تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاری |
| کۆنترۆڵکراو | ــــــــــ | | |

،٢٠٠٨،ل.١٠٩)

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی:**

لەبەر ئەوەی توێژینەوەی ئێستا گۆڕاوێکی سەربەخۆ و دوو گۆڕاوی پشتبەست لەخۆدەگرێت، توێژەر پشتی بەستووە بە دیزاینی ئەزموونی (دوو گرووپە هاوتاکە خاوەن تاقیکردنەوەی پاشەکی)، و شێوەی (١) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**شێوەی ژمارە (٤)دیزاینێکی ئەزموونی بە کۆنترۆڵکردنێکی بەشەکی ڕووندەکاتەوە کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی پێ بەستووە.**

**سێیەم: نموونە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

مەبەست لە کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە هەموو ئەو یەکە یان تاکانەی دیاردەکە کە لەژێر توێژینەوەدان، یان بریتییە لە کۆمەڵەی گشتیی ئەو توخمانەی کە توێژەر هەوڵ دەدات ئەنجامە پەیوەندیدارەکان بە کێشە خوێندراوەکەوە گشتگیر بکات بەسەریاندا (داود واخرون ،١٩٩١،ل. ٤٩).

**١. کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانە دواناوەندی و ئامادەییە حکومییە بەیانیانیەکانی (کوڕان) پێکهاتووە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦ز)، و هەر شەش بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی پەروەردە لە بەغداد لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (پەروەردەی بەغداد کەرخ/ یەکەم، پەروەردەی بەغداد کەرخ/ دووەم، پەروەردەی بەغداد کەرخ/ سێیەم، پەروەردەی بەغداد ڕەسافە/ یەکەم، پەروەردەی بەغداد ڕەسافە/ دووەم، پەروەردەی بەغداد ڕەسافە/ سێیەم)، و لە نێوانیاندا توێژەر بە مەبەست بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی یەکەمی هەڵبژارد.

٢. ژمارەی ئەندامانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ب، ج) گەیشتە (٥٥) خوێندکار، بە جۆرێک (٢٧) خوێندکار لە هۆبەی (ب) و (٢٨) خوێندکار لە هۆبەی (ج). دوای دوورخستنەوەی خوێندکارە کەوتووەکان لەگەڵ هێشتنەوەیان لەناو پۆلدا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە بۆ پاراستنی ڕێکخستنی قوتابخانە کە ژمارەیان (٧) خوێندکار بوو،

بەمەش ژمارەی کۆتایی ئەندامانی نموونەکە بووە (٤٨) خوێندکار، بە جۆرێک (٢٤) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٢٤) خوێندکار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو. هۆکاری دوورخستنەوەی خوێندکارە کەوتووەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان زانیارییان هەیە لە ساڵی خوێندنی ڕابردووەوە (ئەزموونی پێشوو) لەو بابەتانەی کە دەخوێندرێت بە دوو کۆمەڵەکە لە ماوەی ئەزموونەکەدا، و ڕەنگە ئەو ئەزموونانە کاریگەری بکەنە سەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر سەلامەتیی ناوەکیی توێژینەوەکە، و خشتەی (٢) ئەمە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢)ژمارەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو پێش دوورخستنەوە و دوای دوورخستنەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران بێش دوورخستنەوە | ژمارەی خوێندکارانی دوورخراو | ژمارەی خوێندکارانی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | ب | ٢٧ | ٣ | ٢٤ |
| کونترۆڵکراو | ج | ٢٨ | ٤ | ٢٤ |
| کۆی | | ٥٥ | ٧ | ٤٨ |

**-ڕێکارە ئەزموونییەکان:**

- **نهێنیی تاقیکردنەوەکە:**

توێژەر خۆی بەدوور گرت لە ئاشکراکردنی نهێنی تاقیکردنەوەکە لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانە و مامۆستای بابەتەکە بەوەی کە سروشتی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە بە خوێندکاران نەڵێن، ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە چالاکییەکانیاندا ڕوونەدات کە کاریگەری بکاتە سەر سەلامەتی تاقیکردنەوەکە و ئەنجامەکانی.

- **دیاریکردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەر هەمان بابەتی خوێندنی بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دیاریکرد کە بریتی بوون لە (کات، ناساندن، بازاڕ، مۆڵەتی شۆفێری، ئەرکەکانتان چییە بەرامبەر دایک و باوکتان، زانای گەورەی کورد توفیق وەهبی، شێخ عەبدولکەریمی مودەریس) لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چاپی چوارەم ساڵی (٢٠٢١) کە بڕیارە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ بخوێندرێت.

- **ماوەی تاقیکردنەوەکە:**

توێژەر دەستی کرد بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٩/٢٥ و لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٢٨ کۆتایی هات، ماوەکەش بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو یەکسان بوو.

- **وانەوتنەوە:** توێژەر وانەی بە خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی نموونەی توێژینەوەکە (ئەزموونی) و (کۆنترۆڵکراو) وتەوە، پلانەکانی وانەوتنەوەی ڕۆژانەی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی

جێبەجێ کرد کە بەپێی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی دەخوێنن، هەروەها پلانەکانی وانەوتنەوەی ڕۆژانەی ئاسایی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن.

- **ئامرازە فێرکارییەکان:**

بریتییە لە هەموو ئەوەی مامۆستا یان خوێندکار بەکاری دەهێنێت لە ئامێر و کەرەستە و ماددە فێرکارییەکان کە لە ناو پۆل یان دەرەوەی پۆل بۆ گواستنەوەی ئەزموونە دیاریکراوەکان (توێژەر تەختە سپی و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی ماجیک و ئامێری داتاشۆ و بڵندگۆی دەنگی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی بەکارهێنا، هەمان ئامرازیشی بەکارهێنا جگە لە بڵندگۆ و داتاشۆ بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو).

**دابەشکردنی بەشە وانەکان:**

توێژەر کۆنترۆڵی ئەم هۆکارەی کرد لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانە بۆ دابەشکردنی وانەکان بە شێوەیەکی یەکسان لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، ئەویش بە بڕی (١) وانە لە هەفتەیەکدا، وانەیەک بۆ هەر کۆمەڵەیەک، و لە یەک ڕۆژدا دابەشکران وەک لە خشتەی (١٣)دا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (١٣)دابەشکردنی بەشە وانەکانی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی**

| کۆمەڵە | ڕۆژ | وانەی | کاتژمێر |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | چوارشەممە | یەکەم | ٨:٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | | دووەم | ٩:٢٠ |

- **ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە**

توێژەر ئەزموونەکەی لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) جێبەجێ کرد، پاش ئەوەی توێژەر پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئەزموونەکەی تەواو کرد لە دیاریکردنی هەردوو کۆمەڵەکە و بەدەستهێنانی هاوتاکردن لەنێوانیان و دیاریکردنی بابەتە زانستییەکان، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٥/ ٩/ ٢٠٢٥) و لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٨/ ١٢/ ٢٠٢٥) کۆتایی هات، کە تییدا کۆتایی بە ئەزموونەکە هێنا بە جێبەجێکردنی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە (تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاری)، ولەپێناو جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ئەزموونەکە بە شێوەیەکی دروست، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتەبەر:

١. ڕێکخستنی خشتەی وانەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستای بابەتەکە کە هاوکار بوو لە ماوەی ئەزموونەکەدا، بەجۆرێک هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بە بڕی یەک وانە لە هەفتەیەکدا بۆ هەر یەکێکیان خوێندیان، واتا ژمارەی وانەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەکە یەکسان بوون.

٢. توێژەر ستراتیژیەت بیرکردنەوەی بینایی لەسەر کۆمەڵەی ئەزموونی جێبەجێ کرد، و بە ڕێگای ئاسایی وانەی بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش وتەوە.

**بەشی چوارەم:**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان ودەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان**

توێژەر ئەنجامی گریمانەی سفریی یەکەم دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامی گریمانەی سفریی یەکەم کە دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)دا لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە وانەی خوێندنەوە و گفتوگۆ لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بەپێی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی ئەو خوێندکارانەی کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا).

توێژەر تاقیکردنەوەی پاشەکیی تێگەیشتنی خوێندنەوەی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکەدا (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) جێبەجێ کرد، پاشان هەستا بە ڕاستکردنەوەی پەڕەی وەڵامی خوێندکاران و هەژمارکردنی نمرەی گشتی بۆ هەر خوێندکارێک لە هەردوو گرووپەکەدا، پاشکۆی (٢٠)، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T–test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بەهای تایی هەژمارکراو دۆزرایەوە، و دەرکەوت کە ئەنجامەکە لەڕووی ئامارییەوە گرنگە و لە بەرژەوەندیی گرووپی ئەزموونیدایە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، بەو پێیەی ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی گەیشتە (١٨.٧١) بە لادانی پێوەری (٢.٣٨٨)، و بەهای تایی هەژمارکراو (٨.٨٢٤) گەورەتر بوو لە بەهای تائی خشتەیی کە بریتی بوو لە (٢.٠٠٠) بە پلەی ئازادی (٤٦)، وەک لە خشتەی (٢٤)دا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (٣)تاقیکردنەوەی تائی بۆ واتای جیاوازیی نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لەتاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ تێگەیشتنی خوێندنەوە**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٤ | ١٨.٧١ | ٢.٣٨٨ | ٤٦ | ٨.٨٢٤ | ٢.٠٠٠ | لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٤ | ١٢.٤٦ | ٢.٥٣٨ | | | | |

**توێژەر ئەنجامی گریمانەی سفریی دووەم دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامی گریمانەی سفریی دووەم کە دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی واتادار لەڕووی ئامارییەوە نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)دا لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی کە وانەی خوێندنەوە و گفتوگۆ لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی

کوردی بەپێی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی ئەو خوێندکارانەی کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاریدا).

توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاری پاشەکیی بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) جێبەجێ کرد، پاشان هەستا بە ڕاستکردنەوەی پەڕەی وەڵامی خوێندکاران و هەژمارکردنی نمرەی گشتی بۆ هەر خوێندکارێک لە هەردوو کۆمەڵەکەدا، پاشکۆی (٢٣)، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T–test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بەهای تائی هەژمارکراو دۆزرایەوە، دەرکەوت کە ئەنجامەکە واتادارە لەڕووی ئامارییەوە و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە لە ئاستی واتاداریی (٠.٠٥)، بەو پێیەی ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (١٨.٧١) بە لادانی پێوەری (٢.٣٨٨)، و بەهای تایی هەژمارکراو (٨.٨٢٤) گەورەتر بوو لە بەهای تایی خشتەیی کە بریتی بوو لە (٢.٠٠٠) بە پلەی ئازادی (٤٦).

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان، تێبینی کرا کە خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، ئەوانەی بەپێی (ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی) خوێندویانە، سەرکەوتووتر بوون بەسەر خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراودا، ئەوانەی بەپێی شێوازی ئاسای خوێندویانە، لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی شیکاری بۆ بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی، توێژەر هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی گەڕاندەوە بۆ چەند هۆکارێک، لە گرنگترینیان:

١– وانەوتنەوە بەپێی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی، توانای خوێندکار بۆ بیرکردنەوە بە قووڵیی زیاتر بەهێز دەکات.

٢ .بیرکردنەوەی بینایی لە هاندەری بینایی و بەستنەوەی بە دەقی خوێندراوەوە، یارمەتیدەرە بۆ

٣ .ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی خوێندکاران هان دەدات بۆ بەشداریکردنی کارا وچالاك لە وانەکەدا.

**دەرئەنجامەکان**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون و جەختیان لەسەر سەرکەوتنی گروپی ئەزموونی کردۆتەوە بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراودا، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١– بەکارهێنانی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی، یارمەتیدەر بووە بۆ باشتربوونی کارامەیی لەبەرکردنی دەقەکان لای خوێندکاران.

٢- ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی یارمەتیدەر بووە بۆ تێگەیشتن لە بابەتە خوێندراوەکان و دروستکردنی پەرۆشی (چێژ) بۆ وانەکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە بیناییەکانەوە کە وروژێنەرن بۆ ئەقڵ و بیرکردنەوەی خوێندکار.

**ڕاسپاردەکان**

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی پێشوو، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش دەکات بە ئومێدی ئەوەی سوودیان هەبێت بۆ باشترکردنی واقیعی خوێندنی زمانی کوردی، لەوانە:

١- گونجاندنی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی بینایی لەناو بەرنامە و پرۆگرامەکانی خولەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە مامۆستایانی زمانی کوردی، بەو پێیەی یەکێکە لە ستراتیژیەتە نوێ و کاراکان.

٢- جەختکردنەوە لەسەر بابەتەکانی خوێندنەوە لە پرۆگرامی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و دەوڵەمەندکردنیان بە وێنەی زیاتر و کاریگەرییە بیناییە جۆراوجۆرەکان، کە بەشداری دەکەن لە تێگەیشتنی دەقەکان بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر.

**سەرچاوەکان:**

**لقران الكريم**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین.(٢٠١٨) . ***ڕێگاکانی وانەوتنەوەشێوازە تیۆری و پراکتیکییەکان*.چابی دووەم.**

مستەفازادە ،ئسماعیل (٢٠٢٢)***.سەرەتایەک بۆ ریگای وانەوتنەوە*** .چابخانەی تاران.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

إبراهيم، زكريا.(٢٠٠٩)***.معجم مصطلحات التعليم والتعلم***.عالم الكتب.

الحميري ،هاجرعبد الدايم,والفتلاوي،محمد كريم فرحان.(٢٠٢٢)***.مقدمة في التفكير رؤية تربوية معاصرة في تعليم التفكيروتعلمه*** .دار امجد للنشر والتوزيع.

الخفاجي،عدنان طلاك عبد.(٢٠١٦)***.مشكلات تعليم القراءة والكتابة***. دار الانجلو.

داود،عزيز حنا،إسماعيل،زكريا،واحمد،سمير.(١٩٩١)***.مناهج البحث التربوي***. مطابع دار الحكمة.

رمضان،حياة علي.(٢٠١٤)**.** *التفاعل بين استراتيجيات القبعات الست والنمو العقلي في تحصيل المفاهيم الفيزيائية وتنمية مهارات التفكير التحليلي واتخاذ القرارات لدى طلاب الصف الأول الثانوي*. **دراسات عربية في التربية وعلم النفس.**٤٧(٢) ١٣ . ٥٦

شحاته،حسن،والنجار ،زينب.(٢٠٠٣)***.معجم المصطلحات*** *التربوية والنفسية*الدارالمصرية اللبنانية.

الطراونه،خليف يوسف.(٢٠٢٤)***.اساسيات في التدريس***. دار الشروق.

المصري،إيهاب المعصراوي ،وعامر،طارق عبد الرؤوف.(٢٠١٦).***التفكير البصري مفهومه مهاراته استراتيجياته***. المجموعة العربية للتدريب والنشر.